## پێشنیار بۆ ئاواز دانەرانی هونەرمەند

# مەرزیەی فەریقی

**حەمید عەبدوڵلا**

**دانمارک**

هونەرمەندانی بەڕێز، بەرلەوەی پێشـنیارەکەم بنـوسم ئەمەوێ پرسە لە ئێوەی هـاوڕێی کاری هونەی خاتـو مـەرزیـە بکەم ، لە پێشنیارەکەشم دا مەبەست ئەوەنیە بێمەناو کارەهونەریەکانتانەوە . دیارە بەڕیزتان خاوەنی دوابڕیاری ئەو ئاوازانەن کەبۆئەو گەورە هونەرمەندە داتانناوە زۆر بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا بیان چڕێ ، دوای مەرگی ناوەختی هونەرمەند و پێشمەرگە مەرزیەی فەریقی لە کەناڵە خۆشەویستەکانی خـۆمان گوێبیسـتی ئەوەبـووم کە کۆمەڵێک ئاوازی تایبەت بۆ بەرهەمی نوێی ئەوزاتە ، بەدەست و پەنجینە نەمرەکانی ئێوە دانراوا ..، ئـەوەی جێـگای سـەرنجە ئەوەیە کەباس لـەوە دەکرێ کێ یان بدرێ بەکێ بۆ وتنەوی ئەو ئاوازانە ، بەڕایمن ئەوە یەکەم پەلەکردنە لەبڕیاردان دا دووەمیش تۆزێک لە شێوازی بەشکردنی میرات دەچێ .

ئەگەر پێشنیارەکەم وقیعیانەبێ و جێگای پەسندی ئێوەی بەڕێزیشبێ ،ئەڵێم مەرج نیە ئەو ئـاوازانە کەلیماتیان بۆ دابنرێ،بەلکۆ ئەکرێ گشتیان لە شـێوەی سـەمفۆنیایەک تۆمار بـکرێن بەناوی ( سەمفۆنیای مەرزیە ) یاناوێکی گونجاوتر ، بۆ بـەکلیپ کردنیشـیان ئـەگـەر پێویستی کرد ئەکرێ مەراسیمی بەخاک سپاردنی ئەوزاتە، بۆ بکرێ بە کلیپێکی ڤیدیۆیی ،

بەڕای من ئە مانایاک هەڵدەگری بۆ مێژووی نەمری مەرزیە ، کەتا دواساتەکانی پاڵەوانی سوارچاکی مەیدانی هونەربووە ، دووەم ئـەگەر هەرکەسێکی تر بیانڵێتەوە لەئاست قودرەتی ئەودانەبێ ،لە جوانی کارەکان دادەبەزێ ، کە ڕەنگە بەڕێزیشـتان وەک هونەرمەندێکی شـارەزای ئەو بوارە شـکتان هەبێ لە ڕاپەڕاندنی ئەوکارە کەکەسێک هەبێ وەک ئەو بیانچڕێ .بەڕێزیشتان ئـەزانن لە مێژووی هـونەردا ڕوداوی جـوانەمەریگ بونی کاری هونەری تر هەبووە ، ئەگەر سەیری مۆزەخـانە بەناوبانـگەکانی دنیا بکەی زۆر کاری بەجێما و بـەهۆی مردنی هونەرمەندەکەیەوە ئەبینی، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ لە هونەرمەندان دەستـکاری کارەکانیان نەکردوە و بەنیوە چڵی وەک کارێکی پڕ پڕ لەماناو مەبەستی ئەو هونەرمەندە سـەیردەکرێ،بەهایەکانیشیان ئەگەر زیاتر نەبن کەمترنین ، دوای ئەوە کۆی فرۆشی ئەو بەرهەمە تەرخان بکرێ بۆ مەرکەزێکی هونەری بەناوی مەرزیەوە . یـا دروستکردنی پەیکەرێکی برۆنزی ئەوزاتە ، کە شایستەی گەورەی خۆیەتی ، دوبارە بمبورن کە پێشنیارەکەم لەگەڵ کارەهونەریەکانتاندا شیاو نەبێ

hamed.abdulla@mail.dk